www.kurdistannet.org
24-2-2006 11:53 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ بەڕێز زانا روستایی و کۆمەڵی ئیسلامی: کەی ئێمەی ئیسلام دەرس لە غەڵەتەکانی خۆمان وەئەگرین؟ ... بەشی چوارەم ... شیروان مەلا ئەحمەد شاڵی

بسم الله الرحمن الرحيم

نازانم ئێمەی ئیسلام کەی دەرس وعیبرەت لە غەڵەتەکانی خۆمانا وەرئەگرین، کاتی خۆی کەوا سەلمان روشدی کیتابێکی نوسی کە وەکو هەقایەتێکی خەیاڵی وابوو، ئێران چی حەشرێکی پێیکرد بەم بیانوەی کەوا ئەمە ئیسائەتە بۆ ئیسلام و ناوبەد کردنی ئیسلامە، باشە با لە خۆمان بپرسین ئەنجامی ئەم گەلە کۆمەکێیەی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران چی بو لەسەر ئەم کیتابە؟ تا ئەوکاتە سەلمان روشدی نوسەرێکی ئەمەنە بەناو بانگ نەبوو، تەنیا لە سەر ئاستێکی موعەیەنا ناسراوبو کەچی دوای ئەم ژاوە ژاوەی ئێران بوو بە نوسەرێکی عالەمی لەهەمو شوێنێکی ئەم جیهانەیا ناوی دەرکرد، لە هەمو شوێنێکی ئەم جیهانەیا خەڵقی بە شەوقەوانێ بەدوای ئەم کیتابەیا ئەگەران تەنانەت کیتابە کانی تریشی رەواجیان پەیداکرد، کیتابەکەی بۆ گشت زمانەکانی عالەم تەجومە کرا، تەنانەت بەزمانی عەرەبی چەنەها کیتابی لەسەر دەرچوو کە کیتابەکەیان شەرح و تەئویل ئەکرد. ئەڵێن تا ئێستاکێ لەم بیست ساڵەی ئاخیرا کیتابەکەی سەلمان روشدی بە هەموو تەرجومەکانیەوە نزیکەی 400 ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە، 400ملیۆن واتە سێیەکی ژمارەی موسڵمانانی عالەم، جا توخوا ئەمە بو بە چی؟ ئەگەر سەلمان روشدی لەگەڵ دەرکەوتنی کیتابەکەیا – با وا دابنێین ئیسلامی ناوبەد کرد- ئەوا ئەم کاتە هەر تەنها لە بەریتانیا بلاو بووەوو هەر رەنگە دە هەزار کەسێک تۆ بڵێی سەد هەزا کەس کیتابەکیان خوێننەوە. واتا بەپێی اجتیهادی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران لای سەد هەزار کەس ناوی ئیسلام بەد بوو – کە من هەرگیز باوەر ناکەم ئیسلام بە کیتاب ناوی بەد ببێ جا هەرچی تیا نوسرابێ، چونکە ئیسلام ئاینێکی بەهێزە - ئەوا لەسایەی ئەم ژاوە ژاوەی ئێران ئیسلام لای 400 ملیۆن کەس ناو بەد کرا، خۆتان قەراربەن، کێ زیاتر بوە سەبەبی ناوبەد کردنی ئیسلام؟ ئەوەی زۆر جێگەی سەرنج و سەر سورمانە پێش چەن ساڵێک هەر حکومەتی ئیسلامی ئێران خۆی فەتوای کوشتنی لەسەر سەلمان روشدی هەڵگرت و حەواڵەی خوای کرد. جا باشە ئەوەت لە چی ئەمەت لە چی؟؟؟کاک زانا نوقتەی نیزام لێرەیا ئەمەیە ئەگەر ئێران ئەوکاتە بەراستی قناعەتی بەمە هەبوو کە ئەمە ئیسائەیە بۆ ئیسلام دەبوایێ رێگەی عەقل و مەنگقی بگرتبوایە بەر و ئەمیش هاتبا بەکیتابێک جەوابی سەلمان روشدی دابوایەوەو بە حوججەتی موقنیع لە خەڵکی بگەیاندبوایێ کە نوسینەکانی روشدی شتی بێبناغەن و بێبایەخی بکردبوایە بەم کارە وای ئەکرد کیتابەکە هێندە رەواج پەیدا نەکات و خەڵکیش هێندە بەدوای نەکەوێ بەمە کیتابەکە لە شوێنی خۆی ئەپووکایەوەو کێشەکە ئەبرایەوە. ئێستا هەمان هەڵە وا لە کوردستان لەگەڵ مەریوان هەلەبجەیی دوبارە ئەکرێتەوە. ئایا ئێستا برەو پەیدا کردنی ئەم کیتابە ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی کێ دایە؟ تا بەشی پێنجەم